# ئەرشیف

# ئەرشیف

### ئەرشیفی کارگێڕی

وشەی ئەرشیف بە بەڵگەنامەی گشتی (نوسین و پەیوەندییکردنی فەرمی) و بەڵگە و دۆکیۆمێنتی مێژوویی دەگوترێت، هەروەها بە ئاراستەی لایەنی بەرپرس لە ڕێوشوێنەکانی پۆستی هاتوو و دەرکردە و پاراستنی دۆکیۆمێنتی فەرمی لە کەرتی گشتیش (دامەزراوە و وەزارات و فەرمانگەکانی حکومەت) دەگوترێت، ئەمەش سەر بە ستراکچەری ڕێکخراوەیی دامەزراوەکانی حکومەتە لە نێو دیوانی( بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی).

### دۆکیۆمێنتکردن

شیکردنەوە، کۆکردنەوە، ریزبەندیکردن، بە رەمزکردن، کۆگاکردن، گەڕانەوەی بەڵگەنامە و بەکارهێنانیانە.

### بەڵگەنامەکان

بریتییە لە تەواوی جۆرەکانی مەعریفەی مرۆیی تۆمارکراو ئینجا بە هەر شێوازێك بێت.

### گرنگی بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان

گرنگی بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان دەردەکەون لە میانەی بەکارهێنانیان و مەودای سود وەرگرتن لێیان لە داهاتوودا، بۆیە دەکرێت گرنگی ئەمە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین، ئەوانیش:

#### أ. ئامانجی کردەیی

دەکرێت ئەو خاڵە روونبکەینەوە هەر لە سەرەتای دروستبونی بەڵگەنامەکان و رۆڵییان لە بەڕێوەچوونی کارگێری و بۆ بەڕێوەبردنی دەستە و کارگێڕییە جیاوازەکان، ئینجا چ گشتی، یاخود تایبەت بێت.

#### ب. گرنگی جێگیربوون

بەڵگەنامە ئەرشیفییەکان ئاسەواری تەواوی چالاکیە جیاوازەکانی کەسێکی سروشتی، یاخود مەعنەوی تۆمار دەکەن، بۆیە ئەرشیفکردن بە پێویست دادەنرێت بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی

دروستی ڕەوتی ئەو چالاکییە، ئەمە خاڵە زۆر گرنگەکەیە، چونکە وادەکات ئەرشیف مادەیەکی سەرەتایی بێت بۆ لێکۆڵینەوە.

پوختەی قسە، گرنگی ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکان، گرنگییەکەی دیاریکراوە و لە مەودای بەکارهێنانی بەرژەوەندییەکانی وەرگیراوە، لەسەرەتادا گرنگییەکی پراکتیکی و کارگێڕی هەیە، کە کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی ئەو بەرژەوەندییانە ئەنجامدەدات، بەڵام دوای ماوەیەك ئەو گرنگییە دەگۆڕێت، ئینجا زیاد دەبێت، یاخود نامێنێت، تەنها گرنگییەکی مێژوویی دەمێنێتەوە، نەك تەنها بۆ بەرژەوەندییە بەرهەمهاتووەکان، بەڵکو بۆ عامەی خەڵکیش هەروا دەبێت، بەشێوەیەك بەڵگەنامەکانی سەلماندنی ماف، یاخود بەڵگەنامەکان بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی گرنگ دەبن، ناکرێت دەستبەرداریان ببین، چونکە زانیاری دەوڵەمەندی تێدایە بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی.

### جۆرەکانی بەڕێوەبردنی ئەرشیف

1. بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی بۆپاراستن.
2. بەڕێوەبەرایەتی ناناوەندی بۆ پاراستن.
3. بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی و ناناوەندی دوولایەنە بۆ پاراستن.

### 1. بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی بۆپاراستن

ئەمە بریتییە لە بوونی یەك لایەنی تایبەتمەند بۆ پرۆسەکانی پاراستن لە ئاستی دامەزراوە وەك گشتێك، بەشێوەیەك فایلەکان و پەڕاوەکان و تۆمارەکانی ناو ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی تێیدا دەپارێزێت.

### 2. بەڕێوەبەرایەتی ناسەنتەری بۆ پاراستن

مانای ئەوەیە کە هەموو لایەنێك، یاخود پێکهاتەیەکی کارگێڕی پەڕاو و فایلە تایبەتەکان دەپارێزرێت.

### 3. بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری و ناسەنتەری دوولایەنە بۆ پاراستن

بریتییە لە بوونی ئەو دوو جۆرەی لەپێشەوە ناوبراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی فایلە پارێزراوەکان، هەروەها بۆ پلەی پێویستی گەڕاندنەوە و دووبارە داواکردنەوەی.

1. دەرکردە
2. هاتوو
3. پاراستن

**دەرکردە**

بریتییە لە تەواوی بەڵگەنامە فەرمییە دەرکراوەکان لە دامەزراوەیەك بۆ دامەزراوەکانی تر لە تۆماری تایبەت بە پۆستی دەرکردە، بەوشێوەیەی لە نمونەی (1) روونکراوەتەوە:

ئەو رێوشوێنانەی کە لە چارەسەرکردنی پۆست پەیرەو دەکرێت، بەمشێوەیەن:

1. دڵنیابوونەوە لە بوونی مۆر و واژوو لە بەڵگەنامەکە.
2. بوونی هەموو هاوپێچەکان ئەگەر هەبوون.
3. کۆپیکردن بۆ پاراستن.

***نمونەی (1) تۆماری دەرکرد***

| ژمارەی دەرکردە | بەرواری دەکردە | ئەو لایەنەی دەریکردووە | بابەتی بەڵگەنامە | هاوپێچەکان | کۆدی فایل | ئەو لایەنەی کە بۆی دەنێردرێت | تێبینییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

### تێبینییەکی گرنگ

تۆماری دەرکردە وەسفێکی تەواو لە خۆدەگرێت لەبارەی ئەو بەڵگەنامە و زانیارییانەی کە لەناو ئەو دۆسییانەدا هەیە.

### هاتوو

هەموو ئەو نامە فەرمییانەیە کە لە دامەزراوەکانی تری حکومەت، یاخود نا حکومییەکان بۆ دامەزراوەکە دێت، ئینجا چ لە ناوەوەی وڵات، یاخو لەدەرەوەی بێت.

ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە چارەسەکردنی پۆستی هاتوو پەیڕەو دەکرێت بەوشێوەیەی خوارەوەن:

1. تۆمارکردنی هاتوو لە تۆماری تایبەت بە پۆستی هاتووەکان، بەوشێوەیەی کە لە نمونەی (2) ڕوونکراوەتەوە.
2. مۆرکردن بە مۆری تایبەت بە شتە هاتووەکان.
3. پاراستنی وێنەیەکی کۆپیکراو لە فایلەکان تایبەت بە پاراستن.
4. پاراستنی وێنەی ڕەسەن بۆ ئەو لایەنانەی کە بۆی هاتووە.

***نمونەی (2) تۆماری هاتوو***

| ژمارەی زنجیرە | بەرواری هاتوو | ئەو لایەنەی لێیەوە هاتووە | بابەتی بەڵگەنامە | هاوپێچەکان | جۆر و بابەتی بەڵگەنامە | ئەو لایەنەی کە بۆی هاتووە | تێبینییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

### پاراستن

مەبەست لێی ڕێکخستنی پەڕاو و بەڵگەنامەکانە، بەشێوەیەکی تەکنیکی دروست لە نێو ئەرشیفدا، دەبێت لە شوێن و دەزگای تایبەت پێیەوە بپارێزرێت.

### ئامانجەکانی سیستەمی پاراستن

ئەو سیستەمی پاراستنەی کە ئامادە دەکرێت، یاخود پەرەی پێدەدرێت، دەبێت رێك و پێك و لۆژیکی بێت، چەندین رێگای گونجاو بۆ بڵاوکردنەوەی فایلەکە بەکاربهێنرێت، ئامانجیش لێی:

1. کۆنترۆڵکردنی ژمارەی گەڕاندنەوە و تاوتوێکردنی فایلکانە، هێنانە بەردەستی فایلەکە بەگوێرەی پێداویستی کارەکانەوە.
2. ئاسانی بەکارهێنانی کەلوپەلەکانی پاراستن و بەجێگەیاندنی پرۆسەکانی چاککردنەوە.
3. پاراستنی بەڵگەنامەکان لە سوتان، یاخود خراپ کۆگاکردن.
4. پەیڕەوکردنی سیستەمێك بۆ پاراستن، کە تێچووی کەم بێت.

### جۆری پارێزراوەکان

#### أ. پارێزراوە چالاکەکان

ئەو بەڵگەنامانەن کە هێشتا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە داوا دەکریت، بۆ بەجێگەیاندنی کارەکان، ئەمەش لە یەکەکانی پاراستنی هەر بەڕێوەبەرایەتییەك دەپارێزرێت (واتە دەبێت لەبەردەستدا بێ تاوەکو فەرمانبەرەکان بەئاسانی بیخەنە بەردەست بە گوێرەی کار و پسپۆرییەکانیان).

#### ب. پارپێزاروە ناچالاکەکان

ئەو بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتانەن کە پێداویستی ئەوە دەسەپێنێت بۆی بگەڕێینەوە لە ماوەی جیاوازدا، ئەمەش بە گوێرەی سروشتی کار، کە هەندێکجار رەنگە پێویست نەبێت بۆی بگەڕێینەوە چونکە چیتر کاریان پێ ناکرێت.

### خەسڵەتەکانی سیستەمی پاراستنی چاك

سیستەمی پاراستنی چاك ئەو سیستەمەیە کە سەلامەتی و ئاسایشی بەڵگەنامە مسۆگەر دەکات، هەروەها بە شێوەیەکی لۆژیکی و بەڕوونی ریزبەندیان دەکات، هەر کاتێك پێویستمان پێی هەبێت

دەخاتە بەردەستمان، بۆیە سیستەمی پاراستنی چاك، پێویستە ئەو خەسڵەتانەی خوارەوەی تێدا هەبێت:

1. بەیەکەوەبەستان
2. نەرمی
3. رێکخستن
4. گونجان
5. دەستپێوەگرتن (الاقتصاد).
6. ئاسایش و سەلامەتی

### *رێکخستنی تەکنیکی پاراستنەکان*

دوای ئەوەی بەڵگەنامەکان دەپارێزرێت و شیدەکرێتەوە، ئەوا پرۆسەی رێکخستنی تەکنیکی بۆ ئەنجامدەدرێت لە دامەزراوەکاندا، لەم پرۆسەیەدا سێ قۆناغی سەرەکی هەیە، ئەوانیش:

**یەکەم: *پۆلێنکردن***

**دووەم: *ژمارەدانان (هێماکردن)***

**سێیەم: *ناوەڕۆك دروستکردن***

**یەکەم: *قۆناغی پۆلێنکردن***

مەبەستی لێی دروستکردنی کۆمەڵەی هاوشێوەیە لە بەڵگەنامە، کە خەسڵەت و تایبەتمەندی بەیەکەوە گونجاویان هەیە، هەروەها بەڵگەنامە ناهاوشێوەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە بەپێی پلەی جیاوازییان، ئەمەش بە مەبەستی بەئاسانی ئاشنابوون پێیان.

### *رێگاکانی پۆلێنکردن:*

1. ***پۆلێنکردنی بە گوێرەی بابەت***
2. ***پۆلێنکردنی بە گوێرەی ناو***

## 1. پۆلێنکردنی بە گوێرەی بابەت

ئەمەش مانای پۆلێنکردنی پارێزراوەکانە بەگوێرەی بابەتەکانی زانیاری وەزیفەکان (کارە جێبەجێکراوەکان)، واتە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە تایبەتە بە یەك بابەت (یەك وەزیفە)، ئەمەش لە فایلێکدا کە هەڵگری ناوی ئەو بابەتە بێت، بەوشێوەیەی کە لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

| دەروازەکان | بەشەکان | بابەتەکان | فۆڵدەرەکان |
|---|---|---|---|
| کارگێڕی باڵا<br>کاروباری کارگێڕی<br>کاروباری دارایی | کاروباری<br>فەرمانبەرەکان | دامەزراندنەکان<br>موچەکان<br>مۆڵەتەکان<br>گواستنەوەکان | مۆڵەتە ئاساییەکان<br>مۆڵەتی نەخۆشی<br>مۆڵەتی خوێندن<br>مۆڵەتە ئاوارتەکان |

## 2. پۆلێنکردن بەگوێرەی ناو

مانای پاراستنی پارێزراوەکانە بە گوێرەی ناوی فەرمانبەران، یاخود کەسەکان، ئەمەش سودی بۆ فایلەکانی فەرمانبەران هەیە لە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا، هەروەها بە سودیشە بۆ قوتابییەکانی قوتابخانە و زانکۆکان، بە شێوەیەك هەموو فەرمانبەرێك، یاخود کەسێك فایلێکی تایبەت بە خۆی دەبێت و هەموو پەڕاوەکانی لەنێویدا دەپارێزرێت، بەوشێوەیەی کە لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

| دەروازەکان | بەشەکان | بابەتەکان | فۆڵدەرەکان |
|---|---|---|---|
| کاروبارە گارگێڕییەکان | کاروبارەکانی<br>فەرمانبەران | یەکەی پاراستنی<br>دۆسییە کەسییەکان | سەنا ڕەئفەت عەلی<br>شەیما عیزەت نوری<br>محەمەد قادر مەجید<br>نەوال جاسم حەسەن |

**دووەم: قۆناغی ژمارەدانان (هێماکردن)**

بە هێماکردنیش ناوزەند دەکرێت، ئەمەش قۆناغێکی ناوەندە لە نێوان پۆلێنکردن و ئامادەکردنی ناوەڕۆك، لێرەوەیە گرنگی بەدەردەکەوێت لە ریزبەندیکردنی بەڵگەنامەکان بە گوێرەی ئەو هێمایانەی کە فاکتەرێکی سەرەکین لە ئامادەکردنی ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامانە، بەشێوەیەك ئەو هێمایانە بە ژمارەی فایلەکان دادەنرێن.

**ڕێگاکانی ژمارەدانان (هێماکردن)**

1. هێماکردن بە ژمارە.
2. هێماکردن بە پیتەکانی ئەلیف با.
3. هێماکردن بە پیتە دوانەییەکانی ئەلیف با.

### 1. هێماکردن بە ژمارە.

بەگوێرەی ئەمە، فایلکان بە پێی زنجیرەی ژمارەی سادە ریزبەند دەکرێن، ئینجا چ بە ژمارە(1)بێت، یاخود هەر ژمارەیەکی تر بێت بە پێی بارودۆخی کار، یاخود جۆری پارێزراوەکان، هەروەك بەهێما دەکرێت بە زنجیرەی ژمارەی ئاوێتە، لێرەدا کارەکە ئەنجامدەدرێت لەرێگای دابەشکردنی کارەکان بۆ چەندین دەروازەی سەرەکی، دواتر هەر دەروازەیەك بۆ بەش و هەموو بەشێك بۆ بابەتەکان دابەشدەکرێن، و دواتریش بۆ هەر یەکێکیان ژمارە دادەنرێت.

### 2. هێماکردن بە پیتەکانی ئەلیف با

بەگوێرەی ئەم شێوازە، فایلەکان ریزبەند دەکرێن بەپێی پیتەکانی ئەلیف با، بەشێوەیەك فایلی ئەو کەسانەی (ئینجا چ فەرمانبەر بن، یاخود کرێکار بن) کە ناویان بە پیتی (ا) دەسپێدەکات لەپێش فایلی ئەوکەسانە دێت کە فایلەکەیان بەپیتی (ب) دەسپێدەکات و بەمشێوەیە... هەروەها بەهێماکردن بەگوێرەی پیتەکانی ئەلیف بای ئاوێتەی بەدوایەکداهاتوو دەبێت، بەگوێرەی ئەو شێوازە پارێزراوەکانی دامەزراوە بە پیتی ئەلیف بای بەدوایەکداهاتوو ژمارەیان بۆ دادەنرێت، دەسپێك بە (أ)، ئەمەش دوای دابەشکردنی کارەکان بۆ دەروازە دواتر بۆ بەش و دواتریش بۆ بابەتەکان.

### 3. هێماکردن بە پیتە دوانەییەکانی ئەلیف با.

لێرەدا ژمارەدانان ئەنجامدەدرێت بە بەکارهێنانی پیتەکان، یاخو ژمارە ژمێرییارییە دووانەییەکان، کە ئاماژە بۆ دەروازە و بەش و بابەتەکان دەکات، ئەم شێوازە پیتەکان لەگەڵ ژمارە ژمێریارییەکان ئاوێتە دەکات.

**سێیەم: قۆناغی ناوەڕۆك دروستکردن**

ناوەڕۆك و ئامادەکردنی ناوەڕۆك بە پرۆسەیەکی تەکنیکی سەرەکی دادەنرێت لە ڕێکخستنی پرۆسەی کۆگاکردنی زانیاری و گەڕاندنەوەشیان.

ناوەڕۆکی تۆمار بریتییە لە گواستنەوەی هەموو ژمارە و ناوەکانی فایلە تایبەتەکان بە دەروازە لە لاپەڕەکانی تۆمار، لەگەڵ تۆمارکردنی شوینی هەموو فایلێك لە شوێنەکانی پاراستندا.

وەك باوە، کورتکراوەی دیاریکراو لە ئامێری پاراستن بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە بۆ دۆلاب هێمای (د) و بۆ بۆ ڕەفە (ر) دادەنرێت.

| ژمارەی زنجیرە | ناوی فایل | ژمارەی فایل | شوێنی فایل لە ئەرشیف | تێبنینییەکان |
|---|---|---|---|---|
| 21 | ڕاپۆرتی ساڵانە | 2/1/3 | د3ج2 | – |

**ڕێوشوێنەکانی پاراستن و گەڕاتندنەوەی پەڕاو لە فایلەکان**

1. نوسراوی پارێزراو ریزبەند دەکرێت بەگوێرەی بەرواری نوسراو لە هەر کۆمەڵەیەك، بەومەرجەی کە نوێترین بەروار لە پێشەوە بێت، ئەگەر دوو نوسراو یەك بەرواریان هەبێت، ئەوا ئەو نوسراوە دێتە پێشەوە کە ژمارەکەی گەورەترە.
2. پاراستنی ئەو پەڕاوە داواکراوانەی کە پێویستە بپارێزرێن، بێ دواخستن.
3. دڵنیابوونەوە لە بوونی مۆری فەرمانبەری تایبەتمەند، بەوەی کە یارمەتیدەرە لە پاراستنی لە شوێنی تایبەتکراو.
4. لەپیناو ئاسانی گەڕاندنەوەی نوسراو، ئەوا هێمای ئەو فایل دیاری دەکرێت کە پەڕاوەکەی تێدا دەپارێزێت.